# روماڵی کەیسی ( سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ) لە رۆژنامە کوردییەکاندا
# رۆژنامەکانی ( ئاوێنە ) و ( باس )بە نمونە


**بەرهەم خالید أحمد**

**زانكۆی سلێمانی**

**كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان**

**بەشی راگەیاندن**


## پێشەکی

لەگەڵ سەرەتاکانی ئەم سەدەیە و پاش دەرکەوتنی یەکەمین رۆژنامەی ئەهلی (ناحزبی)،بە دەرچوونی رۆژنامەی (هاولاتی)، رۆژنامەگەریی کوردی چووە قۆناغێکی نوێوە. پێش ساڵی ٢٠٠٠ تەنها راگەیاندنی پارتە سیاسیەکان لە گۆڕەپانەکەدا بوون. پاش (هاولاتی)، چەندینکەناڵی دیکەی بینراو و بیستراو و چاپکراو و دواتر ئۆنلاین سەریان هەڵدا. لەئێستادا میدیای هەرێمی کوردستان لە رووی خاوەندارێتی و کارکردنەوە بۆ سێبەشی سەرەکی دابەشبووە. ئەوانیش:میدیای حزبەکان و میدیای کەرتی تایبەت یاخود ئەهلی و هەروەها میدیای نزیك لە حزبە سیاسییەکان کە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لەلایەن حزبێك یان کەسانی ناو حزبەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن.

تەنگژەو ململانێ سیاسییەکاندا بە شێوەیەکی تایبەت تیشك دەخرێتە سەر ئەوەی کە ئایا میدیا چۆن رووماڵ دەکات. بە شێوەیەك کە ئەرکی خۆی ون نەکات لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و پابەندبوون بە بنەما پیشەییەکانی کاری رۆژنامەنوسی[1]. ئەوەش لە پێناو روماڵێکی بێلایەنانەو بابەتیانە بەتایبەت بۆ ئەو میدیایانەی خۆیان بە میدیای بێلایەن دەناسێنن.ئایا دەبنە بەشێك لە کێشەکان یاخود رووماڵێکی رۆژنامەنوسییانە دەکات و تەنها بە ئەرکی خۆی هەڵدەسێت[2].

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵدەدات روماڵی میدیای بناسێنێت و جۆرەکانی رووماڵ و چوارچێوەکانی رووماڵی میدیایی باس بکات بە تایبەت لە کاتی ململانێکان و بکۆڵێتەوە لەوەی ئایا رۆژنامە کوردییەکان تاچەند توانیویانە روماڵێکی بابەتیانەو پیشەییانە بۆ کەیسی (سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) بکەن.

---

١بەختیار کەریمی: بەرەو رۆژنامەوانی مۆدێرن، خانەی بلاوکردنەوەی وەازارەتی پەروەردە، ٢٠٠٧. ل ٦٨.

٢حبيب كركوكی:فنون التحرير الصحفي- خاني(دهوك)٢٠٠٨.ل ل ٣٨-٥٧



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**بەشی یەکەم:رێبازنامە**

**أ-کێشەی توێژینەوەکە**

لە سایەی جیاوازی زۆر و گونجانی کەمی ناوەڕۆکی بابەتە میدیاییەکانی میدیای کوردی نزیك لە حزبەکان و ئەهلیەکان( بەپێی تێبینیکردنی سەرەتایی بۆ میدیاکان) ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا ئەو رۆژنامانە، (باس و ئاوێنە)، لە کاتی روومالّی بابەتە سیاسیەکان و لە کاتی ململانێی نێوان حزبەکاندا رومالّێکی بابەتی دەکەن یاخود دەبنە بەشێك لە ململانێکەو رومالّەکە بە ئاراستەی بەرژەوەندی لایەنێك و لە دژی لایەنێکی دیکە دەبێت؟ لەم سۆنگەیەوە توێژەر گریمانەی ئەوە دەکات کە ئایا روومالّ و ناوەڕۆکی رۆژنامەکان ئاراستە و خواستی خاوەنەکانیان و ئەو لایەنەی لێوەی نزیکن لە خۆدەگرێت یاخود هەوالّەکان بە شێوەیەکی بێلایەنانە گوزارشت لە واقیعی ژیانی سیاسی دەکەن و ئەوەی هەیە وەك خۆی دەگوێزرێتەوە بۆ خوێنەر. توێژینەوەکە دەیەوێت بگاتە ئەوەی ئایا تاچەند خاوەندارێتی و شوێنی دەرچوون کاریگەری هەیە بەسەر رومالّی هەوالّی ئەو رۆژنامانەوە لە ماوەی ململانێی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێمدا لە نێوان مانگی حوزەیران و تشرینی دووەمی سالّی ٢٠١٥.

توێژەر هەولّدەدات لە توێژینەوەکەیدا وەلاّمی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بداتەوە کە بریتیە لەوەی ئایا رۆژنامە کوردیەکان توانیویانە رومالّێکی میدیاییانەی هەوالّی بکەن بۆ کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم؟

وەلاّمدانەوەی ئەو پرسیارەش پێویستی بە چەند رەگەزێکی دیکە هەیە کە توێژەر هەولّی وەلاّمدانەوەی دەدات:

١-بایەخ و گرنگیپێدانی رۆژنامە کوردییەکان بۆ کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم لە چ ئاستێکدا بووە؟

٢-سەرچاوەی هەوالّی ئەو رۆژنامانە کامانەن کە بۆ رومالّی ئەو کەیسە پشتیان پێبەستوە؟

٣-ئاراستەی ناوەڕۆکی رومالّی هەوالّی ئەو رۆژنامانە چۆن بووە بۆ ئەو کەیسە؟

٤-چ چوارچێوەیەکی میدیایی (اطر الاعلامي) بەکارهێنراوە لە روومالّی ئەو کەیسەدا؟

٥-رەچاوکردنی بنەما پیشەییەکان کاری میدیایی چۆن بوە کە ئەو رۆژنامانە بەکاریان هێناوە لە رومالّەکانیاندا؟

**ب-گرنگیی توێژینەوەکە**

بابەتە سیاسیەکان و ململانێکان مەیدانێکی زیندوون بۆ میدیاکان و هەمیشە کەرەستەی خاوی زۆری تێدایە بۆ میدیا کە کاریان لەسەر بکات. لە کوردستانیش میدیا هەمیشە ئامادەیی هەبوە لە گواستنەوەی بابەتە سیاسیەکان و رومالّکردنیان هەر میدیایەو بە پێی ئەجێنداو سیاسەتی خۆی. بۆیە ئەم توێژینەوەیە گرنگیەکەی لەوەدایە هەلّسەنگاندن و شیکردنەوە بۆ روومالّی میدیا دەکات بە تایبەت میدیای چاپکراو بۆ کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم کە تا ئێستاش خالّی ناکۆکی لایەنە سیاسیەکانی هەرێمە. گرنگی توێژینەوەکە شیکردنەوە بۆ ناوەڕۆکی روومالّکردنەکە دەکات لە رووی زانستی رۆژنامەنوسیەوە و بە پێی بنەما پیشەییەکانی کاری میدیا لە روومالّکردنی بابەتە سیاسیەکاندا.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ج-ئامانجی توێژینەوەکە**

**ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئامانجێکی سەرەکی بەدیبهێنێت کە بریتییە:**

**دیاریکردنی چوارچێوەی میدیایی بۆ رووماڵی هەواڵ و زانینی چۆنێتی رووماڵکردنەکە بابەتی سیاسی (کەیسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) لە رۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا.**

**بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش توێژینەوەکە هەوڵدەدات:**

**١-زانینی ئاستی گرنگیپێدانی کەیسی سەرۆکایەتیی هەرێم لە رۆژنامەکاندا ( باس و ئاوێنە).**

**٢-دیاریکردنی ئەو سەرچاوە هەواڵیانەی ئەو رۆژنامانە پشتیان پێبەستوە لە رووماڵەکەیاندا.**

**٣-پێوانەکردنی ئاراستەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەو رۆژنامانە لە رووماڵی هەواڵی ئەو کەیسەدا.**

**٤-دیاریکردنی چوارچێوەی میدیایی بەکارهاتوو لە رووماڵی هەواڵی کەیسی سەرۆکایەتیی هەرێمدا.**

**٥-زانینی بنەما پیشەییە کارپێکراوەکان لە بواری راگەیاندن لەو رووماڵەدا کە رۆژنامەکان بۆ ئەو کەیسەیان کردووە.**

**د- کۆمەڵ و نمونەی توێژینەوەکە**

**کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە سەرجەم میدیا بینراوو بیستراو و خوێنراوەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، بەڵام قورسی گەڕانەوە بۆ ئەرشیفی سەرجەم کەناڵ و رۆژنامەکان و جۆراوجۆری میدیاکان و نزیکی کارکردنی میدیاکان بە پێی دابەشبون و خاوەندارێتی و ئاراستە و سیاسەتی کارکردنیان بەو چاودێری و گەڕانە سەرەتاییەی توێژەر ئەنجامیدا. توێژەر گەیشتە ئەو بڕوایەی کە تەنها رووماڵی هەواڵی میدیای چاپکراو وەرگبرێت کە بە نزیکی هەردوو ئاراستە سەرەکییەکەی پرسەکە لەخۆ بگرێت.**

**لەم نێوەندەشدا توێژەر نمونەیەکی دیاریکرد لە کۆمەڵگای میدیای چاپکراو لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە:**

**١-رۆژنامەی ئاوێنە کە وەك خۆی ئاماژەی بۆ کردووە،رۆژنامەیەکی ئەهلی کەرتی تایبەتەو هەفتانە لە سلێمانی دەردەچێت[٣].**

**٢-رۆژنامەی باس کە وەك خۆی ئاماژەی بۆ کردووە، رۆژنامەیەکی ئەهلی کەرتی تایبەتەو هەفتانە لە هەولێر دەردەچێت[٤].**

**هەڵبژاردنی ئەو دوو رۆژنامەیە لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوەبوو:**

**١- توانینی وەرگرتنی هەردوو جەمسەری کێشەکە لە رێگەی هەریەك لەو دوو رۆژنامەیەوە بەو پێیەی لە دوو شاری جیاواز دەردەچن کە هەولێر و سلێمانین.**

**٢- چۆنێتی دەرچوونی هەردوو رۆژنامەکە لە چاو رۆژنامەکانی دیکە هەلێکی یەکسان دەبەخشێت بە لە رووی وەرگرتنی ژمارەکان بەو پێیەی هەردوو رۆژنامەکە لە رۆژی سێشەممە بڵاو دەبنەوە.**

**٣-ئاراستەی کارکردنی هەردوو رۆژنامەکە و دابەشبونیان لە رووی جوگرافیەوە وا دەکات بتوانرێت بە شێوەیەکی باش هەڵسەنگاندن بۆ هەواڵ و رووماڵەکانیان بکرێت.**

---

٣بڕوانە ماڵپەڕی ئاوێنەhttp://www.awene.com/derbare/

٤بڕوانە ماڵپەڕی باس http://basnews.com/index.php/so/about


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە رووی چوارچێوەی کاتەوە ژمارەکانی نێوان ٩-٦-٢٠١٥ بۆ ٣-١١-٢٠١٥ وەرگیراون بەو پێیەی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم لەو ماوەیەدا بە تایبەت لە ١٢-١٠-٢٠١٥ دا بە رێگرتن لە گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان گەیشتە توندترین ئاست لە نێوان لایەنەکاندا.

بەمەبەستی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی رووماڵی هەواڵی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم لەو دوو رۆژنامەیەدا بە شێوەی مەبەستدار ٢٠ ژمارە لە هەردوو رۆژنامەکە وەر گیراون بۆ ئەوەی بە وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکە بداتەوە کە ئەم میتۆدە بۆ ئەم جۆرە لە توێژینەوە گونجاوە.

لەم توێژینەوەیەدا شیکاری ناوەڕۆك کراوە بۆ ژانرەکانی هەواڵ و راپۆرتی پەیوەندیدار بە کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم لە هەردوو رۆژنامەکە لەو ماوەیەدا. سامپڵی توێژینەوەکە وە ك ئاماژەی پێدراوە لە ماوەی نزیکەی ٥ مانگدا هەڵبژێردراوە لە کۆی ٢٠ ژمارە لە رۆژنامەی ئاوێنە کە بە ژمارە ٤٨٢ دەست پێدەکات بۆ ژمارە ٥٠١ هەروەها رۆژنامەی باس کە بە ژمارە ٢٤١ دەستپێدەکات بۆ ژمارە ٢٦٠ لە ماوەی نێوان ٢٠١٥/٦/٩ بۆ ٢٠١٥/١١/٣ کە سەرجەم ژمارەکانی ئەو ماوەیە کە دەکاتە ٢٠ ژمارە لەهەر رۆژنامەیەك وەرگیراوە. هۆکاری دیاریکردنی ئەو ماوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ زانینی رادەی گرنگیدان و ئاست و چۆنێتی روماڵی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم لەو رۆژنامانەدا کە لە مانگیحوزەیرانی ٢٠١٥ سەریهەڵداو تا کاتی نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیەش کێشەکە درێژەی هەیە و بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە.

**خشتەی ( ١) رونکردنەوەی دابەشبوونی سەمپڵی وەرگیراو لە هەر رۆژنامەیەك**

| ژ | ناوی رۆژنامە | شوێن و ماوەی دەرچوون | بەرواری دەرچونی ژمارەکان | ژمارەی سەمپڵی وەرگیراو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | رۆژنامەی ئاوێنە | هەولێر/هەفتانە | ٢٠١٥/٦/٩ ___ ٢٠١٥/١١/٣ | ٢٠ |
| ٢ | رۆژنامەی باس | سلێمانی/هەفتانە | ٢٠١٥/٦/٩ _ ٢٠١٥/١١/٣ | ٢٠ |
| کۆی گشتی ژمارەکانی سەمپڵی توێژینەوەکە | | | | ٤٠ |

**هـ- میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە ئەچێتە خانەی توێژینەوە وەسفییەکان کە هەوڵدەدەن لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەکی کۆمەڵگا بکەن کە بەرجەستە نییە، لە توێژینەوەکەدا وەسفی دیاردەکە دەکات و دەیناسێنێت و رەگەز و پێکهێنەرەکانی دیاریدەکات لە رێگەی کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەی داتاکان و لێکدانەوەیان بە پشتبەستن بە میتۆدی رووپێوی کە بە بەراورد بە میتۆدەکانی دیکە بەکاردێت بۆ توێژینەوەی وەسفی بەو پێیەی زۆرتر بەکاردێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بە شێوازی زانستی و هەروەها بواری جێبەجێکردنی بۆ مەبەستی زانینی سروشتی ئەو رووماڵە هەواڵییەی بۆ بابەتە سیاسیەکان دەکرێت لە میدیای چاپکراودا کە وەك سەمپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**و- ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان**

**لەم توێژینەوەیەدا ئامرازی شیکاری ناوەڕۆك پەیڕەو کراوە کە هەوڵدەدات سەیری ناوەڕۆك بکات بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی دیاردەکەی تێدایە بە قوڵی بە مەبەستی گەیشتن بە تێبینییە گشتییەکان دەربارەی تایبەتمەندییەکانی ناوەڕۆکی بابەتەکان. ئەوەش لە ڕێگای دیاریکردن و داڕشتنەوەی یەکەکانی پێوانەو دەستەکانی ئامرازەکان بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی رووماڵە هەواڵییەکە بۆ بابەتی سیاسی دیاریکراو (پرسی سەرۆکایەتی هەرێم) لەو سەمپەڵەی لە رۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە بۆ توێژینەوەکە ئەویش لە ڕێگای:**

- **یەکەی شیکردنەوە: بابەتە هەواڵیەکان لە رۆژنامەدا لە هەردوو جەمسەری کەیسەکە.**
- **یەکەی پێوانە: بابەتی هەواڵ کە پەیوەندیدارە بە کەیسەکەوە.**
- **دەستەکانی شیکار: کە لە ڕێگەی ئەم دەستانەوە دیاریکراون:**

**١-دەستەی بابەتی پەیوەندیدار بە کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم لە هەردوو رۆژنامەکە**

**٢-دەستەی سەرچاوەی هەواڵەکان: کە دابەشکراوە بۆ : پەیامنێری تایبەت،میدیا ناوخۆییەکان،میدیا جیهانیەکان، سەرچاوەکانی ئینتەرنێت، بێ سەرچاوەو سەرچاوەی نادیار.**

**٣-دەستەی ئاراستەی هەواڵ: کە دابەشکراوە بۆ : لایەنگر، دژ، بێلایەن.**

**٤-دەستەی چوارچێوەی بەکارهاتوو: کە دابەشکراوە بۆ : ستراتیژی، ململانێ، بەرپرسیاری، بایەخی مرۆیی.**

**٥-دەستەی بنەما پیشەییە کارپێکراوەکانی کاری میدیا:**

- **هاوسەنگ: لە ڕێگەی پێوانەکردنی دەقی هەواڵەکە ئایا بوچۆنە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت دەربارەی بابەتەکە.**
- **ناهاوسەنگ: لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی دەقی هەواڵ کە یەك لایەنی تێدا بێت بە بێ لایەنی بەرامبەر.**
- **بابەتی: لە ڕێگەی پێوانەکردنی دەقی هەواڵەکە و داڕشتنی لە چوارچێوەیەکی زانستی و بابەتی هەواڵەکەو بوونی سەرچاوەو کات و شوێن و نەبونی رای نوسەر تێیدا.**
- **نابابەتی: ئەمیش لە ڕێگای دەقی هەواڵەکەوە لە رووی بابەت و کات و شوێن و بوچونی نوسەر لە هەواڵەکەدا.**
- **بێلایەن: ئەمیش لە ڕێگای شێوازی نمایشکردنی هەواڵەکەو شێوازی دەرهێنان و فۆنت و قەبارەو رەنگ و بەکارهێنانی وێنە و وشە بەکارهاتوەکان.**
- **لایەنداری: ئەمیش لە ڕێگای زەقکردنەوەو فەرامۆشی هەواڵێك و بەکارهێنانی وێنەی بە مەبەست و قەبارەو شێوازی داڕشتن و وشەو دەستەواژەکان لە ناونیشان و ناوەڕۆکدا کە لایەنداری پێوە دیاربێت[5].**

---

**٥ مكاوي، السيد، ليلى حسين، الاتصال ونظرياته المعاصرة ،هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٣٤٨-٣٥٢**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ز- زاراوە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە**

**رووماڵ: بریتییە لەو پرۆسەیەی کە پەیامساز (محرر) لە رێگەیەوە زانیارییەکانی بەدەستدەهێنێت دەربارەی وردەکاری و پێشهات و لایەنە جیاوازەکانی رووداوێکی دیاریکراو ، یاخود هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەرجەم ئەو پرسیارانەی کە بە مێشکی وەرگردا دێت دەربارەی ئەو بابەتەی رووماڵ دەکرێت و پاشان رێکخستن و هەڵاوێری ئەو زانیاریانەیە و پێشکەشکردنیەتی لە رێگەی یەکێك لە یان چەند ژانرێکەوە بە تایبەت لە شێوەی هەواڵ و راپۆرت.**

**کەیس: مەبەست کەیسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە کە بوەتە مایەی ململانێی لایەنە سیاسیەکانی هەرێم.**

**بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە**

**توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە تێوری چوارچێوەی میدیایی(Framing Theory of News)کە لە رێگەی گریمانەکانییەوە دەتوانرێت پێوانەی ناوەڕۆکی رومالّی هەوالّی بکرێت بۆ بابەتە جۆراجۆررەکان لە رێگەی کەنالّەکانی راگەیاندنەوە لە کاتێکی زەمەنی دیاریکراودا بەو پێیەی ئەم تێورییە گریمانەی ئەوە دەخاتەروو کە رووداوەکان لە سیاقی خۆیاندا مانا و واتایەکی دیاریکراو لەخۆناگرن، بەڵکو کاتێك مانا دەبەخشن کە بکرێنە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوەو هەندێك رەگەزی بۆ زیاد بکرێت کە تیشك بخاتە سەر لایەنێکی و لایەنێکی دیکەی رووداوەکە فەرامۆش بکات[٦]. لەبەر ئەوە چوارچێوەی میدیایی بیرۆکەی سەرەکیە کە لەدەوری خۆی بابەتەکانی تایبەت بە رواداوێکی دیاریکراو لە دەوری خۆی رێکدەخات. هەروەها سەرەڕای جیاوازی بۆچونی رۆژنامەنوسان لە شێوازی داڕشتنی هەواڵەکانیان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چەند چوارچێوەیەکی دیاریکراو زاڵ دەبێت بەسەر داڕشتنی هەواڵەکاندا کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە[٧]:**

**١-چوارچێوەی دیاریکراو بە بابەتەکە: لێرەدا بایەخ بە بابەت و کەیسێك دەدرێت کە وا دەرکەوێت کە لایەنەکانی روونن لای وەرگر: لەبەرئەوەی رووداوەکە پەیوەستە بە واقیعێکی بەرجەستەوە لەم حاڵەتەدا چوارچێوەکە بایەخ دەدات بە دەروازە کەسیەکان و پێشکەشکردنی رەگەزەکانی رووداوەکەو لێکەوتەکانی.**

**٢-چوارچێوەی ستراتیژی : ئەم چوارچێوەیە رووداوەکان لە سیاقێکی ستراتیژی کاریگەردا دەبینێت بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی ئەم چوارچێوەیە بۆ رووداوە سیاسی و سەربازییەکان دەگونجێت.**

**٣-چوارچێوەی بایەخی مرۆیی: ئەم چوارچێوەیە روداوەکان بە کاریگەرییە مرۆییەکانی دەبینێت کە خۆی لە هەست و سۆزی گشتیدا دەبینێتەوە و پەیامەکانی بە قالّب و چیرۆکی درامی دادەڕێژێت کە رەهەندێکی سۆزداری کاریگەری هەیە.**

٦*Framing theory* (2011) Available at: https://masscommtheory.com/theory-overviews/framing-theory/ (Accessed: 22 October 2016).

٧Coddington, M. (2015). *Telling secondhand stories: News aggregation and the production of journalistic knowledge*. University of Texas at Austin


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤-چوارچێوەی ئەنجامی ئابووری: ئەم چوارچێوەیە واقیعەکە لە سیاقی دەرەنجامە ئابوورییەکاندا دادەنێت کە لە ئاکامی ڕووداوەکانەوە دروست دەبن و ئاماژە بە کاریگەرییە چاوەڕوانکراوەکان دەکات کە بەسەر تاك و دەوڵەت و دامەزراوەکانەوە ڕەنگدەداتەوە، وا دەکات پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییەکان کاریگەرتر بن لەسەر خەڵك و زیاتر پەیوەندیدار بێت بە بەرژەوەندیەکانیانەوە.

٥-چوارچێوەی بەرپرسیارێتی: ئەم چوارچێوەیە نێرەری پەیامی میدیایی ناچار دەکات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە "کێ بەرپرسە لە ڕووداوەکە" و وایلێدەکات ئەو کەس و دامەزراوەو یاسا و ڕەفتار و حکومەتە دەستنیشان بکات کە بەرپرسە لە ڕووداوەکە.

٦-چوارچێوەی ململانێ: بە پێشکەشکردنی ڕووداوەکان لە چوارچێوەی ململانێی توند، پەیامە میدیاییەکان چەند ڕەگەزێکی گرنگ فەرامۆش دەکەن، لە پێناو زەقکردنەوەی سیاقی ئەو ململانێیە و گەندەڵی و نەبونی متمانە بە بەرپرسان. لێرەدا پێش ڕووداوەکان کەسەکان دەبینرێت. و بەرژەوەندیەکان کاریان لەسەر دەکرێت لە بری ئامانجەکان. پەیامی میدیا لەم چوارچێوەیەدا زیاتر بە پێوەری براوەو دۆڕاو و سەرکەوتو و شکستخواردوو دەپێورێت.

٧-چوارچێوەی بنەما ئاکارییەکان: لە ڕێگای خستەرووی واقیع لە سیاقی ئەخلاقی خۆیدا لەلای کۆمەڵگا. لە ڕێگەیەوە گفتوگۆی بیرو باوەڕ و بنەما کارپێکراوەکانی وەرگر دەکات. هەندێك جار پشت بە وتە و بەڵگە و دەقی ئاینیی دەبەستێت کە بازاڕی خۆی پێ گەرم دەکات یاخود پشت بە سەرچاوەو کۆمەڵەو مەرجەعەکان دەبەستێت[٨].

بە شێوەیەکی گشتی چەند فاکتەرێك ڕۆڵی هەیە لەسەر دیاریکردنی ئەو چوارچێوانە کە دەکرێت لەم خاڵانەدا کورتیان بکەینەوە:

١-جۆری ئەو ڕووداوەی کە دەزگا ڕاگەیاندنەکە ڕوومالی دەکات.

٢-پەیڕەوکردنی کاری میدیایی و شێوازە جۆراوجۆرەکانی کاری میدیایی.

٣-چۆنێتی سەرچاوەکانی هەواڵ.

٤-بۆچوونی ئایدۆلۆژیی و ڕۆشنبیری و هۆشیاری کەسی نێرەر لە دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا[٩].

**بەشی سێیەم:چوارچێوەی پراکتیکیی توێژینەوەکە**

**١- کورتەیەك دەربارەی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

بە پێی یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان–عێراق و وەك لە ماددەی سێیەمدا هاتووە (ولایەتی سەرۆکی هەرێم بۆ چوار ساڵەو دەشێ بۆ جاری دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە)[١٠]هەروەها لە

٨ نظرية التأطير الإعلامي، نظريات الإعلام والاتصال.-Available at: theory.html-analysis- http://constantine3.blogspot.com/2014/01/frame (Accessed: 22 October 2016).

٩ مكاوي، حسن عماد، السيد، ليلى حسين، الاتصال ونظرياته المعاصرة ،الدار المصرية اللبنانية، القاهرة،٢٠٠٢.ل ٣٤٨-٣٥٠

١٠بڕوانە:ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان: http://www.perleman.org/files/articles/101207105105.pdf


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ماددەی دووەمدا هاتووە کە هاوڵاتیانی کوردستان_عێراق بە دەنگدانێکی گشتی و نهێنی و راستەوخۆ سەرۆکێ بۆ هەرێم هەڵدەبژێرن).

ئەم دوو ماددەیە بوە خاڵی ناکۆکی نێوان پارتی و لایەنەکانی دیکە کە پرۆژەیان بۆ هەمواری ئەو یاسایە پێشکەش بە پەرلەمان کرد، چونکە بە گوێرەی ئەو یاسایە ویلایەتی بەڕێز مەسعود بارزانی لە ٢٠١٥/٨/٢٠ کۆتایی پێدەهات ٢٠، بەڵام دوای ئەوەی هەریەك لە ڕێکەوتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەو کات زۆرینەی پەرلەمانیان پێکدەهێنا پرسی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمیان بردە پەرلەمانی کوردستان ولە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠١٣ دا پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (١٩)ی دەرکرد و ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بۆ ماوەی دوو ساڵ درێژکردەوە و وەك لە ماددەی دووەمی ئەو یاسایەدا هاتووە:

(ولایەتی سەرۆکی هەرێم کە لە٢٠١٣/٨/٢٠دا تەواو دەبێت، بەردەوام دەبێت، درێژ دەکرێتەوە تا ٢٠١٥/٨/١٩ کەئیتر بۆ دووەم جار یارای درێژکردنەوەی نییە"[11]. هەر لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە کە دەبێت سەرۆکی هەرێمبەر لە (٦٠) ڕۆژ لەتەواوبوونی ماوەی یاسایی ویلایەتەکەی داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن بکات.

ئەوەبوو رۆژی ٢٠١٥/٤/١٤ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم بە فەرمانیی هەرێمی ژمارە(٨٦٧) دەرکردوو تێدا داوای کرد لە٢٠١٥/٨/٢٠ هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم ئەنجام بدرێت و داوای لەلایەنە پەیوەندیدارەکان کرد کەکاری پێویست بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بکەن. لە وەڵامی ئەو فەرمانەدا و لە ٢٠١٥/٦/١٦ دا ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان بەنوسراوێك وەڵامی داواکەی سەرۆکی هەرێمیان دایەوەو رایانگەیاند کە "لەتوانایدا نییە لەو وادەیەی کەبەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای کردوە هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدات. " هۆکارەکانیش بریتین لە: نەبونی بودجەی پێویست و هەروەها کۆمسیۆن پێویستی بە (١٨٠) ڕۆژ هەیە تاوەکو بتوانێت هەڵبژاردنەکە ڕەچاوی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بکات"[12].

لێرەوە ململانێ لە نێوان لایەنە سیاسییەکان سەریهەڵدا بەو پێیەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە حزبەکەی دەیویست بە سازان لە نێوان لایەنەکان ماوەکە درێژ بکرێتەوە و دواتر بهێنرێتەوە پەرلەمان هەرچی بزوتنەوەی گۆڕان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان وکۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ویەکگرتوی ئیسلامی کوردستانیش دەیانویست لەڕێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەموار بکرێتەوەو سیستمێکی پەرلەمانی پەیڕەو بکرێت و بۆ ئەو مەبەستەش پرۆژە یاسایان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد. ئەوەبوو لە ٢٠١٥/٦/٢٣ لە دانیشتنێکدا پەرلەمانی کوردستان سەرەڕای ناڕەزایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنەکەی و فراکسیۆنەکانی پێکهاتەی کەمینەکان، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژە یاساکانی چوار لایەنەکە کرد"[13]. ئەوەش وە سەرەتای ململانێ و ناکۆکی پارتی لە لایەك و چوار

---

١١بڕوانە ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان:http://perleman.org/files/articles/101207105105.pdf

١٢بڕوانە ماڵپەڕیپەرلەمانیکوردستان:http://perleman.org/files/articles/210713115701.pdf

١٣بۆ دەقی پرۆژەی لایەنەکان بڕوانە:

http://perleman.org/Default.Aspx?page=byyear-comments&c=projayasa2013&id=2015


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لایەنەکەی دیکە لە لایەکی دیکە و بۆ ئەو مەبەستە چەند خولێکی گفتوگۆ لە نێوانیان بەڕێوەچوو ئەوەبوو نەگەیشتنە ئەنجام و لە٢٠١٥/٨/١٩ کە کۆتایی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بوو پەرلەمان ویستی خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای هەمواری سەرۆکایەتی هەرێم بکات بەڵام بە هۆی تەواونەبوونی ڕێژەی یاسایی دانیشتنەکە ئەنجام نەدرا و ئێستاش پرسەکە بە چارسەرنەکراوی ماوەتەوە.

**٢- کورتەیەك دەربارەی سامپڵی توێژینەوەکە:**

ڕۆژنامەی ئاوێنە: هەفتەنامەیەکە لەشاری سلێمانی لەلایەن کۆمپانیای ئاوێنەوە بۆبلاّوکردنەوە بەزمانی کوردی ڕۆژانی سێشەممە دەردەچێت. یەکەمین ژمارەی لە٢٠٠٦/١/٣ دا دەرچووە و تا ئێستا بەردەوامە. ئاوێنە وەك ڕۆژنامەیەکی کەرتی تایبەت خۆی دەناسێنێت و بەم شێوەیە پێناسەی خۆی دەکات (ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای ئاوێنە دەریدەکات)[١٤].

ڕۆژنامەی باس: هەفتەنامەیەکە لە شاری هەولێر لەلایەن کۆمپانیای ڤێرسای بە زمانی کوردی بلاّودەکرێتەوە و ڕۆژانی سێشەممە دەردەچێت . یەکەمین ژمارەی لە ٢٠١٠/٦/٣٠ دا دەرچووەو تا ئیستا بەردەوامە. باس وەك ڕۆژنامەیەکی کەرتی تایبەت خۆی دەناسێنێت و بەم شێوەیە پێناسەی خۆی دەکات (هەفتەنامەیەکی گشتییە کۆمپانیای ڤێرسای دەریدەکات)[١٥].

**٣- دەرەنجامی شیکاری توێژینەوەکە**

**یەکەم: ڕەنگدانەوەی کەیسەکە لە ڕوومالّی هەوالّدا**

لێرەدا توێژەر هەولّیداوە ئەو ئەنجامانە بخاتەڕوو سەبارەت بە ئاستی ڕەنگدانەوەی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم لە ژانرەکانی هەواڵ و ڕاپۆرتی پەیوەندیدار و چاوپێکەوتن لە ژمارەکانی هەردوو هەفتەنامەکەدا سەبارەت بە کەیی سەرۆکایەتی هەرێم لەماوەی ٢٠١٥/٦/٩ بۆ ٢٠١٥/١١/٣.

**خشتەی (٢)ئاستی گرنگیپێدانی هەردوو ڕۆژنامە بە کەیسەکە لە ڕێگەی ژانرە جیاوازەکانەوە**

| پلە | ڕۆژنامە / ژانر | ئاوێنە | | باس | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ |
| ١ | مانشێت* | ١٣ | ٨.٥ | ١٢ | ١٢.٥ |
| ١ | هەواڵ | ٦١ | ٣٩.٥ | ٣٢ | ٣٣.٥ |
| ٣ | ڕاپۆرتە هەواڵ | ٥٤ | ٣٥ | ٣٧ | ٣٩ |
| ٤ | چاوپێکەوتن | ٢٥ | ١٧ | ١٤ | ١٥ |
| کۆی گشتی | | ١٥٣ | ٪١٠٠ | ٩٥ | ٪١٠٠ |

*مانشێت وەك بەشێك لە هەواڵ جیاکراوەتەوە بۆ زانینی ڕادەی گرنگیپێدانی کەیسەکە.

١٤http://www.awene.com/derbare/

١٥http://basnews.com/index.php/so/about


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بە بەراوردکردنی ئەو ئەنجامانەی لە خشتەی (٢) دا خراونەتەروو دەربارەی رووماڵکردنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم لە رێگەی ژانرە جۆراوجۆرە بابەتییەکانەوە دەردەکەوێت کە بە شێوەیەکی گشتی رۆژنامەی ئاوێنە زیاتر گرنگی بە کەیسەکەداوە بە کۆی ١٥٣ بابەت بەرامبەر بە ٩٥ بابەت لەلایەن رۆژنامەی باس.

هەروەها لە سەر ئاستی ژانرەکانیش بە جیا هەر ئاوێنە لە پێشترە بەو پێیەی ٥٠،٣٩٪ ی هەواڵی بۆ رووماڵی ئەو کەیسە تەرخانکردووە و لە کۆی ٢٠ ژمارە ١٣ ژمارە مانشێتی رۆژنامەکە دەربارەی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم بووە لە بەرامبەردا رۆژنامەی باس ٥٠،٣٣٪ ی هەواڵی بۆ کەیسەکە تەرخانکردووە و ١٢ جار مانشێتی رۆژنامەکە دەربارەی پرسەکە بووە کە تەنها یەك پلە کەمترە لە رۆژنامەی ئاوێنە و نزیکن لە یەکەوە لە رووی تەرخانکردنی مانشێت. توێژەر هۆکاری ئەوە بۆ رادەی گرنگیپێدانی هەردوو رۆژنامەکە دەگەڕێنێتەوە بە کەیسەکە کە لە کۆی ٢٠ ژمارەی وەرگیراو ئاوێنە ١٣ جار مانشێتی رۆژنامەکەی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم تەرخانکردووە و لە بەرامبەردا باس ١٢ جار مانشێتی بۆ تەرخانکردووە کە سەلمێنەری ئەوەیە ئەو کەیسە بە شێوەیەکی چڕ و پڕ رووماڵکراوە لە لایەن هەردوو رۆژنامەکەوە.

سەبارەت بە راپۆرتە هەواڵیش رۆژنامەی ئاوێنە لەو ماوەیەدا ٥٤ راپۆرتی بڵاوکردوەتەوە بە رێژەی٣٥ ٪ ی کۆی رووماڵی بابەتەکان بەرامبەر ٣٧ راپۆرت کە دەکاتە ٣٧٪ ی بابەتە تەرخانکراوەکان بۆ رووماڵەکە.

رۆژنامەی ئاوێنە لەو ماوەیەداو لە کۆی ٢٠ ژمارەی سەمپلی توێژینەوەکە ٢٥ چاوپێکەوتنی بڵاوکردوەتەوە دەربارەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم بە رێژەی ١٧٪ ی بابەتەکان و لە بەرامبەردا رۆژنامەی باس ١٤ چاوپێکەوتنی بڵاوکردوەتەوە کە دەکاتە ١٥٪ ی کۆی بابەتەکانی دەربارەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم.

**١- سەرچاوەی هەواڵ**

**خشتەی (٣)**

**جۆری سەرچاوەکانی هەواڵی رووماڵی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم**

| ژ | سەرچاوەی هەواڵەکان* | ئاوێنە | | باس | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ |
| ١ | پەیامنێری تایبەت | ٤١ | ٥٠،٤٥ | ٢٤ | ٤٠ |
| ٢ | میدیا ناوخۆییەکان | ١٤ | ٥٠،١٥ | ٧ | ٧٥٠،١١ |
| ٣ | میدیا جیهانیەکان | ٩ | ١٠ | ٤ | ٥٠،٦ |
| ٤ | ئینتەرنێت | ٨ | ٩ | ٧ | ٧٥٠،١١ |
| ٥ | بێ سەرچاوە | ٧ | ٨ | ٨ | ٥٠،١٣ |
| ٦ | سەرچاوەی نادیار | ١١ | ١٢ | ١٠ | ٥٠،١٦ |
| **کۆی گشتی** | | ٨٩ | ٪١٠٠ | ٦٠ | ٪١٠٠ |

**⋆ هەندێك لە هەواڵەکان زیاد لە سەرچاوەیەکیان تێدا بەکارهاتووە.**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە ڕێگەی ئەنجامەکانی خشتەی (٣) ەوە دەردەکەوێت کە هەردوو ڕۆژنامەکە لە ڕووماڵی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێمدا پشتیان بە پەیامنێری تایبەتی خۆیان بەستووە بە جۆرێك کە ئاوێنەی ٥٥،٤٥٪ ی هەواڵەکانی لە پەیامنێریتاییەت وەرگرتووە و ڕۆژنامەی باس-یش ٤٠٪ ی هەواڵەکانی بە هەمانشێوە لە پەیامنێری تایبەت وەرگرتوە ئەوە لە کاتێکدا ئەو بابەتە پێویستی بە پەیامنێری تایبەت نییە، ئەگەرچی زۆرجار لایەنەکان کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و بەیاننامە و ڕاگەیەندراویان لەسەر کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم هەبووە.

ئەم دەرەنجامە کە تا ڕادەیەك نزیکە لەیەکەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەڕێوەبەران و ڕۆژنامەنوسانی ئەو دوو ڕۆژنامەیە ویستیان هەبووە کە بتوانن لە ڕێگەی پەیامنێرەکانی خۆیانەوە کۆنترۆڵی ئەو زانیاریانە بکەن کە بۆ ئەو بابەتە کۆیان کردوەتەوەو بڵاوکراوەتەوە بۆ وەرگرانیان. لەلایەکی دیکەوە هەندێك جار ئەوە ڕێخۆشکەرە بۆ دەربڕینی بۆچونی ڕۆژنامەکە لەسەر ئەو بابەتە کە لەگەڵ ڕووماڵی هەواڵی بۆ کەیسە سیاسییەکان ناتەبایە لە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندندا کە سەرچاوەی هەمەجۆر بەکار دەهێنن کە لەگەڵ خواستی وەرگر یەکدەگرنەوە بۆ وەرگرتنی هەواڵ لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە کە ئەمە بوونی هەیە بەڵام بە ڕێژەی کەمتر.

لە پلەی دووەمدا ئاوێنە پشتی بە میدیا ناوخۆییەکان بەستوە وەك سەرچاوەی هەواڵەکانی ڕووماڵی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم کە توێژەر هۆکاری ئەوە بۆ ڕادەی بایەخی ئەو میدیایانە بۆ کەیسەکە دەگەڕێنێتەوە بەو پێیەی ئەو ماوەیەی توێژینەوەکە کاری لەسەر کردووە میدیاکان بایەخی زۆریان بەو بابەتەداوە. بەڵام لە سەرچاوەی نادیار لە پلەی دووەدا دێت لە ڕۆژنامەی باس. توێژەر هۆکاری ئەوە بۆ هەستیاری بابەتەکە دەگەڕێنێتەوە لە قۆناغە جیاوازەکاندا بە تایبەت لەو بابەتانەی پەیوەندی بە لایەنی دووەمی کەیسەکەوە هەیە کە چوار لایەنەکەی (یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) دەگرێتەوەو ڕۆژنامەی باسیش بەو پێیەی لە هەولێر دەردەچێت کەمتر دەستی گەیشتوە بەو سەرچاوانە لە پرسە هەستیارەکانی قۆناغی گفتوگۆی لایەنەکاندا لەسەر کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم.

بەو پێیەی کەیسەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ناوەوەی هەرێمەوە هەیە کەمتر ڕۆژنامەکان پشتیان بە میدیا جیهانییەکان بەستوە بۆ ڕووماڵی کەیسەکە کە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ٩٪ و لە ڕۆژنامەی باس ٤٪ سەرچاوەی میدیای جیهانی بەکارهاتوون.

بەکارهێنانی سەرچاوەی ئینتەرنێتیش کە خۆی لە ماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکان و پێگە فەرمییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبنێتەوە ڕێژەیەکی کەمی وەرگرتووە لای هەردوو ڕۆژنامەکە کە تا ڕادەیەك نزیکن لەیەکەوە بەم شێوەیە ئاوێنە ٨٪ و باس ٧٪ ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە کەیسەکە کەمتر گرنگی بە ئینتەرنێت دەدەن بۆ دەربڕینی هەڵوێستەکانیان دەربارەی پرسەکە.

بەکارهێنانی سەرچاوەی نادیار و هەواڵی بێ سەرچاوە لای هەردوو ڕۆژنامەکە لە ئاستێکی نزیك لەیەکدایە: ئاوێنە بە ڕێژەی ٧٪ و ١١٪ هەواڵی بێ سەرچاوە و سەرچاوە نادیاری بەکارهێناوە بەدوای یەکدا و لە بەرامبەردا باس بە ڕێژەی ٨ ٪ و ١٠٪ هەواڵی بێ سەرچاوە و سەرچاوە نادیاری بەکارهێناوە بە دوای یەکدا. ئەو ڕێژانە ئەگەرچی ئاستێکی نزمیان گرتووە بەڵام توێژەر هۆکارەکەی بۆ نزیکی هەریەك لە ڕۆژنامەکان لە جەمسەرێکی کەیسەکە دەگەڕێنێتەوە کە لە دۆخ و قۆناغە هەستیارەکاندا نەیانتوانیوە بە ئاسانی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەرچاوەیان بۆ زانیارییەکانیان دەستبکەوێت هەروەك ئەستەمی دەستگەیشتن بە سەرچاوەکان لە هەرێمی کوردستان هۆکارێکی دیکەیە، ئەوە سەرەڕای ئەجێندای رۆژنامەکان بۆ کارکردن لەسەر کەیسەکە.

**٢- ئاراستەی رووماڵی هەواڵ**

توێژەرانی بواری راگەیاندن جەخت لەوە دەکەنەوە کە باشترین بەکارهێنانەکانی میتۆدی شیکاری ناوەڕۆك و بەسود ترینیان ئەوەیە کە تیشك دەخاتە سەر تێبینیکردن و لێکۆڵینەوەی ئاراستەکانە کە ناوەڕۆکی میدیاکان لە خۆی دەگرێت و ئەو گۆڕانکاریانەی تێیدا روودەدات. ئەو جۆرە توێژینەوانەش یارمەتیدەرن بۆ زانینی ئاراستەی ناوەڕۆکی بابەتە میدیاییەکان لە دابینکردنی تێڕوانینێکی مێژوویی گرنگ کە لە رێگایەوە بتوانرێت لە ناوەڕۆکی پەیامی ئێستای میدیاکان تێبگەین بە شێوەیەکی زۆر باش[١٦]

لە پێناو ئەوەشدا پێوانەی ئاراستەی رووماڵی هەواڵ لە هەردوو رۆژنامەکەدا کراوە بۆ بابەتی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم ئەویش بە گوێرەی پێوەری سێ ئاراستەی (لەگەڵ و دژ و بێلایەن) بۆ زانینی ئاراستەی کەناڵ (رۆژنامەکان) کە بۆ ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون بۆ بابەتی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم.

**خشتەی (٤) خستنەڕووی ئاراستەی رووماڵی هەواڵی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم**

| ژ | ئاراستەی هەواڵ | ئاوێنە | | باس | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ |
| ١ | لەگەڵ | ٣٩ | ٥،٢٥ | ٣١ | ٥،٣٢ | ٧٠ | ٥،٢٨ |
| ٣ | بێلایەن | ٨٦ | ٥٦ | ٤٢ | ٥،٤٤ | ١٢٨ | ٥،٥١ |
| ٤ | دژ | ٢٨ | ٥،١٨ | ٢٢ | ٢٣ | ٥٠ | ٢٠ |
| کۆی گشتی | | ١٥٣ | ٪١٠٠ | ٩٥ | ٪١٠٠ | ٢٤٨ | ٪١٠٠ |

بە خوێندنەوەیووردی ئەنجامەکانی ئاراستەی رووماڵکردنی هەواڵەکان لە هەردوو رۆژنامەکەدا بۆمان دەردەکەوێت کە رۆژنامەی ئاوێنە بە رێژەی ٥٦٪ توانیویەتی بێلایەنی بپارێزێت لە رووماڵی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێمدا بەو لە هەواڵ و مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکاندا بە پێی تێبینییەکانی توێژەر توانیویەتی بێلایەنانە رووماڵی کەیسەکە بکات. هەروەها رۆژنامەی باسیش بە رێژەی ٥،٤٤٪ بێلان بووە بەرامبەر کەیسەکە لە رووماڵی هەواڵی خۆیدا.

دەربارەی دەستەی لایەنگیریش رۆژنامەی ئاوێنە بە رێژەی ٥،٢٥ هاوسۆز و لەگەڵ بووە بۆ جەمسەری چوار لایەنەکە بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەیسی سەرۆکایەتی هەرێمدا ئەوەش بە خوێندنەوەی توێژەر بە هۆی نزیکیی رۆژنامەکەیە لە رووی جوگرافی و ئاراستەی کارکردنی کە نزیکە لە ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن و ئاراستەی جەمسەری چوار لایەنەکە کە پرۆژەیان بۆ هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێم پێشکەشی پەرلەمان

١٦Hanitzsch, T. et al. (2010). Modeling perceived influences on journalism: Evidence from a cross-national survey of journalists. *Journalism & Mass Communication Quarterly*, *87*, 5–22.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کردبوو. ئەو ڕێژەیە ئاماژەیە کە ئاوێنە ئاراستەی ڕووماڵکردنەکەی لایەنگری بۆ بەرەی هەموار بووە و هەروەها ڕێژەی ٢٨٪ ی ڕووماڵەکەی بۆ دژ بە جەمسەری دووەمی کەیسەکە بووە کە پارتی دیموکراتی کوردستانەو خواستی مانەوەی بەڕێز مەسعود بارزانی هەبووە لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم.

ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت سەبارەت بە ڕۆژنامەی باس ئاراستەی ڕووماڵەکەی بە ڕێژەی ٥٤٫٣٢ لەگەڵ ئاراستەی پارتی بووە بۆ مانەوەی سەرۆکی هەرێم لە پۆستەکەی و هەروەها بە ڕێژەی ٢٣٪ دژ بە بەرەی بەرامبەر پارتی بووە کە خواستیان هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بوو. توێژەر هۆکاری ئەوە بۆ نزیکی ڕۆژنامەکە لە ئاراستەی پارتی و شوێنی جوگرافی و سیاسەتی ڕۆژنامەکە دەگەڕێنێتەوە کە لە شاری هەولێر بڵاودەکرێتەوە و تا ڕادەیەك نزیکە لە پارتی کە حوکمڕانی هەرێمە.

گەر بە شێوەیەکی گشتیش لە ئاراستەی ڕووماڵی هەردوو ڕۆژنامەکە بڕوانین وەك لە خستەی ژمارە (٤) دا دەردەکەوێت زیاتر لە نیوە بە ١٢٨ بابەت لە هەواڵ و ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن لە کۆی ٢٤٨ بابەتی هەردوو ڕۆژنامەکە و بە ڕێژەی ٥١٫٥٪ بێلایەنانە ڕووماڵی کەیسەکەیان کردووە ئەوەی ئاماژەیەکی باشە بە تێبینی توێژەر بەو پێیەی کە هەردوو ڕۆژنامەکە لەلایەن دوو کۆمپانیاوە دەردەچن و ڕاستەوخۆ سەر بە حزبێکی سیاسی نین. لە بەرامبەردا بە ڕێژەی ٢٨٫٥٪ هاوسۆز و لەگەڵ یەکێك لە لایەنەکانی کەیسەکەبوون لە کاتی ڕووماڵی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێمدا ئەویش بە پێی نزیکیان لە یەکێك لە ئاراستەکان و داڕشتن و گرنگیپێدانی گۆشە جیاوازەکانی کەیسەکە لە ماوەی بڵاوبونەوەی ڕۆژنامەکاندا. هەروەك بە ڕێژەی ٢٠٪ ی کۆی بابەتەکانی هەردوو ڕۆژنامەکە ئاراستەی دژیان بۆ یەکێك لە جەمسەرەکانی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم تێدابووە لە هەڵبژاردنی ناونیشان و گرنگیپێدان و پێدانی ڕووبەر بە بابەتەکان.

### ٣-چوارچێوەی بەکارهێنراوی ڕووماڵی هەواڵی بۆ کەیسەکە

بە گوێرەی تیۆری چوارچێوەی هەواڵی کە وەك چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە و خۆی لە ڕووماڵی هەواڵی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێمدا دەبینێتەوە لە چوارچێوەی دەستەکانی (ململانێ و بایەخی مرۆیی و بەرپرسیارێتی و چوارچێوەی ستراتیژی). وەك دەریشدەکەوێت سەرجەم ئەو هەواڵانەی شیکارییان بۆکراوە یەکێك یان زیاتر لەو چوارچێوانەیان تێدا بەکارهاتووە لە ڕووماڵی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێمدا[١٧].

خشتەی (٥) دابەشکاری چوارچێوەی ڕووماڵی هەواڵی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم

| ژ | چوارچێوەی هەواڵی* | ئاوێنە | | باس | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ |
| ١ | ململانێ | ٨١ | ٥٦ | ٥٨ | ٥١٫٥ | ١٣٩ | ٥٤ |
| ٣ | بایەخی مرۆیی | ١١ | ٧٫٥ | ٨ | ٧ | ١٩ | ٧ |

١٧Hassid, J. (2011). Four models of the fourth estate: A typology of contemporary Chinese journalists. *China Quarterly*, *208*(December), 813–832.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | بەرپرسیارێتی | ٢٩ | ٢٠ | ٢١ | ٥،١٨ | ٥٠ | ٥،١٩ |
| ٥ | ستراتیژی | ٢٤ | ٥،١٦ | ٢٦ | ٢٣ | ٥٠ | ٥،١٩ |
| کۆی گشتی | | ١٤٥ | ٪١٠٠ | ١١٣ | ٪١٠٠ | ٢٥٨ | ٪١٠٠ |

*هەندێك هەواڵ زیاتر لە چوارچێوەیەکی هەواڵی لەخۆگرتووە.

وەك لە خشتەی (٥) تایبەت بە دابەشکاری چوارچێوە هەواڵییە بەکارهاتووەکان دەردەکەوێت کە چەند چوارچێوەیەك بەکارهاتووە بەم شێوەیە:

*چوارچێوەی ململانێ زۆرترین ئاستی یەکارهێنانی تۆمارکردووە بە بەراورد بە چوارچێوەکانی دیکە ئەویش وەك گوزارشت لە حاڵەتی ململانێی نێوان لایەنەکان کە لەو ماوەیەدا لەسەر کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم گەیشتە بەرزترین ئاستی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و چوار لایەنەکەی دیکە لەسەر کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم لە نێوان ململانێی مانەوە و هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا. وەك لە خشتەکەدا دەرکەوێت هەریەك لە ڕۆژنامەی ئاوێنە و باس کە سەمپڵی توێژینەوەکەن بە ڕێژەی ٥٦٪ و ٥،٥١٪ چوارچێوەی ململانێیان بەکارهێناوە و بە شێوەیەکی گشتیش ڕێژەی ٥٤٪ ی هەواڵەکانی هەردوو ڕۆژنامەکە چوارچێوەی ململانێی تێدایە کە ئەویش ڕەنگدانەوەی ململانێی لایەنەکانە لەسەر ئەو پرسە کە خۆی بوەتە مایەی ململانێی توند لە نێوان لایەنەکاندا کە تا ئێستاش بەردەوامە.

* هەورەها چوارچێوەی بایەخی مرۆیی تارادەیەك نزیکە لە یەکەوە و بە نزیکی ڕێژەی ٧٪ ی کۆی هەواڵەکان پێکدەهێنێت کە ئەوەش ڕێژەیەکی نزمە بە بەراورد بە چوارچێوە بەکارهێنراوەکانی دیکە ئەویش بە بۆچوونی توێژەر بۆ سیاسی بوونی بابەتەکە دەگەڕێتەوە کە زیاتر پەیوەندی بە لایەنە سیاسیەکانەوە هەیەو بەهۆی بوونی قەیرانی دارایی کەمتر خەڵك بایەخی بە کەیسی سەرۆکایەتی داوە ئەوەی وایکردوە ڕۆژنامەکان بە ڕێژەیەکی کەم ئەم چوارچێوەیە لە رووماڵی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێمدا بەکاربهێنن.

* دەربارەی چوارچێوەی بەرپرسیارێتیش وەك لە خشتەکە دەردەکەوێت کە ڕۆژنامەی ئاوێنە بە ڕێژەی ٢٠٪ و ڕۆژنامەی باس بە ڕێژەی ٥،١٨٪ ئەوم چوارچێوەیەیان بەکارهێناوە لە چوارچێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکە و ئەو ململانێیەی کە لە نێوان لایەنەکاندا هەبووە کە ئەوەش ڕێژەیەکی باشە و دەرکەوێت تا رادەیەك ڕۆژنامەکان هەوڵیان داوە بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکە بکەن ئەگەرچی بە ڕێژەیەکی زۆر بەرزیش نەبێت.

* هەرچی چوارچێوەی ستراتیژیشە وەك لە خشتەی ژمارە (٥) دا دەردەکەوێت کە ڕۆژنامەی باس لە پێشترە بە ڕێژەی ٢٣٪ کە تێیدا لە ڕێی رووماڵەکەوە و بەکارهێنانی ئەم چوارچێوەیەوە هەوڵی داوە تیشك بخاتە سەر دەستکەوتە ستراتیژی و درێژخایەنەکان لە چارەسەری کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم و بەستنەوەی بە ئایندەی هەرێمی کوردستانەوە و نیشاندانی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێم وەك بابەتێکی نەتەوەیی لە بەرامبەردا ڕۆژنامەی ئاوێنە ٥،١٦٪ ی هەواڵەکانی لە چوارچێوەی ستراتیژی تێدا بەکارهاتووە و تێیدا چارەسەری کەیسی سەرۆکایەتی بەستوەتەوە بە پرۆسەی دیموکراسی و گرنگی هەمواری یاساکە وەك کەرەستەیەکی ستراتیژی بۆ ئێستای هەرێم و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ٤- بنەما پیشەییە کارپێکراوەکانی میدیا لە ڕوومالّی هەوالّیدا

بنەما پیشەییەکانی کاری ڕاگەیاندن ئەو ڕێوشوێن و بنەمایانە دەگرێتەوە کە لەلایەن پسپۆڕانی ڕاگەیاندنەوە دیاریکراون و پێویستە دەزگا ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامەنوس پەیڕەوییان لێبکەن لە پێناو پێشکەشکردنی بابەتی میدیایی بە بەرزترین ئاستی پیشەیی لەو بنەمایانەش: پابەندبوون بە بابەتی بوون لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی هەوالّ و بلاّوکردنەوەی وێنە و ڕاستگۆیی و هاوسەنگی لە گواستنەوەی هەوالّ[18].

ئەوەی پەیوەندیداریشە بە بنەما پیشەییەکانی پەیڕەوکراو لە ڕوومالّی هەوالّیدا بۆ بابەتە سیاسیەکان و بە تایبەت بابەتی توێژینەوەی ئەم توێژینەوەیە لەم دەستەیەدا دیاریکراوە کە بریتین لە : هاوسەنگ و نا هاوسەنگ، بابەتی و نابابەتی، بێلایەن و لایەنگر ئەوەش بە پێی دیاریکردن و ناساندنی دەستەکان کە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەدا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٦) دابەشکاری بنەما پیشەییە کارپێکراوەکان لە ڕوومالّی هەوالّدا

| ژ | بنەما پیشەییەکان | ئاوێنە | | باس | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ |
| ١ | هاوسەنگ | ٨٩ | ٣٦،٦٥ | ٣٩ | ٤١ | ١٢٨ | ٦٠،٥١ |
| ٢ | نا هاوسەنگ | ٦٤ | ٧٠،٣٤ | ٥٦ | ٥٩ | ١٢٠ | ٤٠،٤٨ |
| | کۆی گشتی | ١٥٣ | ١٠٠ | ٩٥ | ١٠٠ | ٢٤٨ | ١٠٠ |
| ١ | بابەتی | ٨١ | ٥٣ | ٣٦ | ٩٠،٣٧ | ١١٧ | ١٠،٤٧ |
| ٢ | نابابەتی | ٧٢ | ٤٧ | ٥٩ | ١٠،٦٢ | ١٣١ | ٩٠،٥٢ |
| | کۆی گشتی | ١٥٣ | ١٠٠ | ٩٥ | ١٠٠ | ٢٤٨ | ١٠٠ |
| ١ | بێلایەن | ٨٦ | ٢٠،٥٦ | ٤٢ | ٢٠،٤٤ | ١٢٨ | ٥١.٦ |
| ٢ | لایەنداری | ٦٧ | ٨٠،٤٣ | ٦٣ | ٨٠،٥٥ | ١٣٠ | ٤٠،٤٨ |
| | کۆی گشتی | ١٥٣ | ١٠٠ | ٩٥ | ١٠٠ | ٢٤٨ | ١٠٠ |

وەك لە ئەنجامەکانی خشتەی (٦) دا هاتووە

★ڕۆژنامەی ئاوێنە تا ڕادەیەکی مام ناوەند پابەند بووە بە بنەما پیشەییەکان و ڕێژەی ڕوومالّی هاوسەنگ تێیدا ٣٦،٦٥٪ یە و ڕوومالّی بابەتی ٥٣٪ و ڕوومالّی بێلایەنانە ٥٦٪ یە کە ئەوەش ئەگەرچی ڕێژەیەکی بەرز نییە بەلاّم تا ڕادەیەك پابەندی پێوە دیارەو زیاتر لە نیوەی ڕوومالّەکەی لەسەر بنەما پیشەییە کارپێکراوەکان کردووە. هەرچەندە لە بەرامبەردا ناهاوسەنگی و نابابەتی و لایەنداری هەبووە بە تایبەت بۆ بەرەی چوار لایەنەکە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لە ماوەی وەرگیراوی توێژینەوەکەدا.

★ ڕۆژنامەی باس کەمتر ڕەچاوی بنەما پیشەییەکانی کاری میدیای کردووە و وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت ڕێژەی ناهاوسەنگی ٥٩٪ و نابابەتی ٦٣٪ و لایەنداری ٨٠،٥٥٪ بووە کە ئەوەش بەلای لایەنی پارتی دیموکراتی

[18] جابر، سامية محمد: الاتصال الجماهيري والمجتمع الحديث، دار المعرفة الجماهيرية، الإسكندرية، ل ١٩٨٤. ل ٢٧٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کوردستاندا بووە کە لە جەمسەری مانەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بوو لە ماوەی وەرگیراوی توێژینەوەکەدا.

## دەرەنجامەکان

لە سۆنگەی ووردەکاری ئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوەوەکە دەربارەی رووماڵی هەواڵی کەیسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان مانگی حوزەیران بۆ مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ لە هەردوو رۆژنامەی ئاوێنە و باس و بە گەیشتن بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەرەنجامەکان بەم شێوەیە بوون:

١- چوارچێوە میدیاییە بەکارهاتووەکان لە رووماڵی هەواڵی بۆ کەیسی سەرۆکایەتی هەرێمدا جۆراوجۆرن و چەند چوارچێوەیەك بەکارهاتوون لەوانە ململانێ و بایەخی مرۆیی و بەرپرسیارێتی و ستراتیژی. بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە چوارچێوەی ململانێ زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە ئەوەش رەنگدانەوەی واقیعی سیاسی هەرێمی کوردستانە بە تایبەت لەو ماوەیەدا کە توێژینەوەکە کاری تێدا کردووە.

٢- سەرەرای جۆراوجۆری سەرچاوەکان لە هەواڵی رووماڵی کەیسەکەدا، بەڵام وەك دەردەکەوێت تا ئێستاش ئەو رۆژنامانە زیاتر پشت بە پەیامنێر ی تایبەتی خۆیان دەبەستن و کەمتر پشت بە میدیا جیهانییەکان دەبەستن ئەوەش رەنگدانەوەی ناوخۆیی بوونی کەیسەکەو سنورداری سەرچاوەکاندایە. هەروەها سەرچاوەی نادیار و بێسەرچاوە لە نزیکەی ٢٥٪ ی هەواڵەکاندا هەیە لە هەردوو رۆژنامەکە کە ئەوەش ئاماژەی هەستیاری بابەتەکان و دەستنەگەیشتنی رۆژنامەنوسانە بە سەرچاوەی هەواڵ لە کوردستان.

٣- ئاراستەی کارکردنی هەردوو رۆژنامەکە بە شێوەیەکی گشتی و بە ئاشکرا بە رووماڵەکەوە دیارە بەو پێیەی هەر یەك لەو رۆژنامانە لە شارێك دەردەچن کە بنکەی سەرەکی هەردوو لایەنی کەیسەکەیە بۆیە ئاراستەی کارکردنیان نزیکە یاخود هاوتەریبە لە سیاسەتی ئەو لایەنەی لەو ناوچەیە باڵا دەستە کە رۆژنامەکەی تێدا دەردەچێت.

٤- تا ئێستاش پابەندی بە بنەما کارپێکراوەکانی کاری میدیایی لە ئاستێکی لاوازدایە لای هەردوو رۆژنامەکە ئەگەرچی ئاوێنە تا رادەیەك توانیویەتی کەمێك زیاتر لە نیوە پەیرەوی هاوسەنگی و بابەتی و بێلایەنی بکات، بەڵام هێشتا میدیای چاپکراوی کوردی پێویستی بەوەیە پیشەییانەتر کار بکات و هەوڵی جێبەجێکردنی بنەما پیشەییەکان بدات.

٥- رۆژنامەکان نەبونەتە مینبەری راستەقینەی رووماڵی میدیایی پیشەییانە و کەم تا زۆر بوونەتە بەشێك لە ململانێ سیاسیەکەی کوردستان و ئەوە لە ناوەرۆکی هەواڵ و راپۆرت و چاوپێکەوتنەکاندا رەنگیداوەتەوە کە زیاتر بە ئاراستەیەکی دیاریکراو کار دەکەن نەك کاری میدیایی پرۆفیشناڵانە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان

١–بەختیار کەریمی: بەرەو رۆژنامەوانی مۆدێرن، وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم ٢٠٠٧.

٢- حبيب كركوكی:فنون التحرير الصحفی، خانیدهوك٢٠٠٨.

٣-مكاوي، حسن عماد، السيد، ليلى حسين: الاتصال ونظرياته المعاصرة،الدار المصرية اللبنانية، القاهرة،٢٠٠٢

٤-حسين، سمير محمد: بحوث الاعلام،عالم الكتب، القاهرة، ٢٠٠٦.

5- Coddington، M. (2015). *Telling secondhand stories: News aggregation and the production of journalistic knowledge*. University of Texas at Austin

6-Hanitzsch، T. et al. (2010). Modeling perceived influences on journalism: Evidence from a cross-national survey of journalists. *Journalism & Mass Communication Quarterly*

7-Hassid، J. (2011). Four models of the fourth estate: A typology of contemporary Chinese journalists. *China Quarterly*، *208*(December)

8-*Framing theory* (2011) Available at: https://masscommtheory.com/theory-overviews/framing-theory/ (Accessed: 22 October 2016)

٩- نظرية التأطير الإعلامي، نظريات الإعلام والاتصال.-Available at: theory.html-analysis *http://constantine3.blogspot.com/2014/01/frame (Accessed: 22 October 2016).*

١٠- ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان: http://www.perleman.org

١١- ماڵپەڕی رۆژنامەی ئاوێنە: /http://www.awene.com/derbare

١٢-ماڵپەڕی رۆژنامەی باس: http://basnews.com/index.php/so/about


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

The study aims at recognizing the Kurdish Newspaper's (Awena and Bas) coverage to Kurdistan region's presidency case development via the news published in its pages and whether the subject of political conflict is a part of its agenda. Do the newspapers covers was absolute journalistic coverage or biased to political parties?

Research begin to investigate and analysis case of Presidential، also recognizing the ways of covering the topic. The study has depended on the descriptive analytical procedure using the content analysis method of 20 issued of each newspaper that included 248 analysis units between news، report and interviews.

The study theoretical framework depends of news from this way we reach some conclusions was answers the concept questions of the research، point that challenge was used a lot of times as express for the reality of political case in Kurdistan in that time all parties was challenge with each other's and development argument about that case Also frame of responsibility about agreement was used by the parties as way to deal with that problem.

The research concluded that despite of some development in its way toward been professional media، the Kurdish media are still suffer from lack of professionalism in its way to cover political issues and some time biased for political parties within their coverage.



## الملخص

تؤسّس الدراسة أطروحتها انطلاقًا من السؤال حول ما إذا كانت صحافة الكوردية بتغطيتها للأحداث السياسية، ناقلةً لواقع الاختلاف في الممارسة الحزبية للقوى السياسية اليمنية التي تعبِّر عنها تلك الوسائل، أم أن تأطيرها وتغطيتها للأحداث ناتج عن عمل الاعلامي الاحترافي لتغطية المعطياة القضية السياسية. وهنا تستهدف الدراسة تحليل التغطية بطرق كيفية في الوسائل الإعلامية الكوردية المكتوبة، المعبّرة عن التوجهات الفكرية والسياسية للاحزاب حول قضية الصراع السياسي علي الموضوع الرئاسة الاقليم الكوردستان؛ وذلك للتعرف على أطر المعالجة الإعلامية ومحدداتها لتلك القضية، وقياس اتجاهات ومصادر التغطية الإخبارية، والقواعد المهنية الحاكمة للممارسة الإعلامية في الفترة مابين شهر تموز و تشرين الثاني ٢٠١٥ التي بلغت القضية ذروتها في تلك الفترة.

وباستخدام منهج المسح وأداة تحليل المضمون الكيفي لعينة عمدية من صحف: ئاوێنة و باس، كعينة ممثلة لمجتمع الوسائل الإعلامية الكوردية المكتوبة، والصادرة خلال الفترة االمحددة كفترة زمنية للدراسة، والاعتماد على نظرية الأطر الإخبارية -كإطار نظري- تمَّ التوصُّل إلى عدد من النتائج، أجابت في محتواها عن التساؤلات المطروحة ضمن هذه الدراسة؛ إذ تبيَّن أن أطر الصراع هي الأكثر استخدامًا كتعبير عن واقع الصراع السياسي؛ الذي اتسمت به تلك الفترة.

وخلصت الدراسة إلى أن استخدام وسائل الإعلام الكوردية لأطر واتجاهات محدَّدة في تغطيتها لقضية الرئاسة الاقليم، قد يكون بغرض توجيه الرأي العام، خاصة القواعد الحزبية، لتبنّي اتجاهات محدَّدة نحو تلك القضية. و رغم التقدم الملحوظ في كيفية العمل الاعلامي في الصحافة الكوردية تبين الدراسة بأن هنالك و لايزال الصحافة الكوردية تفتقر الى المهنية اللازمة خاصة في التغطية الاحداث السياسية الذي تتسم بطابع الصراع ما بين الاحزاب الكردية.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)